# کاریگەریی کولتوور لەسەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی..!

بەشی یەکەم

## دارا مەحمود

کولتوور ڕیشەی گشت جیاوازییەکانە

ماکس فێبەر

واژەی کولتوور بۆ هیچ کاممان شتێکی نوێ نییە و ڕەنگە هەریەك لە ئێمە ڕۆژانە چەندان جار بە شێوازی جۆراوجۆر بەکاری بهێنین. و زۆربەی جاران لە بەکارهێنانی واژەو دەستەواژەکانی وەك: کولتووری ئێمە، کولتووری باش، کولتووری خراپ، کولتووری کوردی...و گەلێکی تر لەمانە تەنیا وەك خوو نەریت بەکاردێت. لەکاتێکدا کولتوور وەکو چەمك، واتایەکی فراوانتری هەیەو، گشت ئەو بۆماوە (میرات)ە فەرهەنگی و زانستی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەزهەبییانەش... دەگرێتەوە کە لە نەفشێکەوە بۆیەکێکی تر دەگوازرێنەوە.

گەرچی پتر لە 400 پێناسە بۆ چەمکی کولتوور هەیە بەڵام دەتوانین بەگشتی بڵێین: کولتوور بەواتای سەرتاپای بایەخەکانی یەك کۆمەڵگا دێت. ئەو بایەخانەش بریتین لە سیستەمی ئابووری-کۆمەڵایەتی، ساختاری سیاسی، زانست، ئایین، پەروەردە، هونەرو سەرگەرمییەکان.

بەکارهێنانی کولتوور بەواتاکانی ئەمرۆیی دیرۆکێکی هێندە کۆنی نییەو ئەم واژەیە کە لە واژەی لاتینی Cultura وە وەرگیراوە لەکۆندا بەواتای چاوەدێری کێڵگەو ماڵات و ئاژاڵ دەهات. و لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمەوە گۆڕانی بەسەردا هات و بەواتای نیشاندانی پەروەردەکردنی توانایی یان ئامادەیی، و کارکردن بەمەبەستی پەرەپێدانی ئەو تواناو ئامادەییە. و لە سەدەی هەژدەهەمدا واتاگەلی تری بەخۆیەوە گرت و دەستەواژەی وەك کولتووری هونەر، کولتووری ئەدەبیات، کولتووری زانستەکان...هاتە ناو ناوانەوە. و ئیتر لەسەردەمی ڕۆشنگەریدایە کە واژەی کولتوور لەگەڵ بیرو باوەڕی پێشکەوتن، وەرچەرخان، پەروەوردەو فێربووندا بەکاردێت. و بەڵام کولتوور ئەوکاتە تەنیا بە پەرەسەندنی هزری تاکی مرۆڤەوە دەبەسترایەوە نەك کۆمەڵگاو ، و لەبەرانبەر واژەی کولتووردا واژەیەکی تر، واتا شارستانییەت بەهەمین واتا بەکاردەهات بەو جیاوازییەوە کە شارستانییەت پەیوەندی بە پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی یان دەستە جەمعییەکانەوە هەبوو.

بەمجۆرە کولتوور بەرەبەرە واتاو چەمکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێت تا دەگاتە ئەوەی کاتێك باس لە کولتوور بکەین باس لە پرۆسەی ژیانی کۆمەڵگایەك بێتە ئاراوە: ئاستی پێشکەوتنەکان، کۆسپ و گرفتەکان، پەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چالاکییە سیاسییەکان، بیروباوەڕەمەزهەبییەکان، یاساکان، سیستەمی حوکم، پەروەردەو خوێندن، پەیوەندییە ئابوورییەکان...کەموزۆر و بەشێوازی جیاواز دەکەونە ژێر تیشکی کولتوورەوە. لێرەدایە کە ئاستی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت و سەرەپەتی ئەو پرسیارە گرنگەمان دەداتە دەست کە بۆچی ئاستی گەشەسەندنی دوو کۆمەڵگای تا ڕادەیەك لەیەکچوو کە لە هەلومەرجێکی وەك یەکدا دەژین وەك یەك نییە. و تەنانەت بۆچی لەناو یەك کۆمەڵگاداو لە چوارچێوەی سنووری سیاسی یەك وڵاتدا ئاستی

گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی کەمینە نەژادییەکان وەك یەك نییە. و بۆ نموونە بۆچی ئاستی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کەمینەی جوولەکە، یان کەمینەی چینی نەژاد لەکەمینەکانی تری وەك بۆ نموونە ئیسپانیایی، پەرتوگالی، عەرەب گەلێك لەسەر ترە..؟

لە دەهەکانی 1940-1950 گەلێك لە کۆمەڵناسان سەرنجیان بە دیراسەکردنی فاکتەری کولتوور بەتایبەتی لەسەر پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی دا. و هەروا بۆ جاری دووەم ئەم سەرنج پێدانە لە دەهەکانی 1980 و گرنگی پێدانی هاتەوە ناو ناوان و چەندان پەرتوك و توێژینەوەو دیراسەو سیمینار...نووسران و بلاوکرانەوەو پێکەش کران. بۆنموونە لە یەکێك لەو کتێبانەدا بەناوی (بەرفرەبوون و گەشەسەندن بابەتێکی زەینییە) کە لە لایەن کۆمەڵناسی ئەمریکایی و مامۆستای زانستگای هارڤارد (لاورێنس هێریسۆن)وە نووسراوە، بەڕاشکاوی بەو ئەنجامە دەگات کە لە زۆربەی ولاتانی جیهاندا و بەتایبەتیش جیهانی سێیەم، کولتوور ڕێگری هەرە سەرەکییە لەبەردەم گەشەکردن و پەرەسەندندا.

هەروا (سامۆئیل هانتیگنتون)یش لە پەرتوکێکی خۆیدا بەناوی (گرنگی کولتوورەکان). لە ئەنجامی دیراسەیەکدا بە ئەنجامێکی سەرنج ڕاکێش دەگات و دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (لە سەرەتای ساڵی 1990دا زانیاری ئابووری سەرەتاکانی دەهەی 1960م لە دوو ولاتی گاناو کۆریای باشوور بەدەست کەوت. زۆر سەرسامبووم کە ئابووری ئەم دوو ولاتە لەو سەردەمەدا چەندە لەیەك چووە....پاشی سی ساڵ کۆریای باشوور دەبێتە هێزێکی گەورەی ئابووری و چواردەهەمین ئابووری گەورەی جیهان لە ئاستی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان، هەناردەی ئۆتۆمبێل، سەنعەتە ئەلەکترۆنییەکان...و دەستکەوتی سەرانەی ئەم ولاتە لەدەستکەوتی سەرانەی ولاتێکی وەك یۆنان نزیك کەوتۆتەوە. لە حاڵێکدا ئەمە هەرگیز لە گانا ڕووی نەدا).1

گەرچی دەکرێ زۆر هۆکار بۆئەمە لە ئارادابن بەلام بێگومان فاکتەری کولتوور یەك لە کاریگەرە هەرە گرنگەکانە. کۆریای باشوور بایەخێکی زۆر بۆ کەم مەسرەفی، سەرمایەگوزاری، کاری سەخت، پەروەردەو فێربوون، سازمانی و ڕێکوپێکی...دادەنێت کە ئەم بایەخ پێدانە لە گانا لەوەی کۆریای باشوور یەکجار جیاوازە.؟

## کولتووری کۆمەڵگای دینامیکی و نادینامیکی:

لەبەر ئەوەی کولتووری کۆمەڵگا جیاجیاکان تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاوازیشیان هەیە، گەلێك لەکۆمەڵناسان هەوڵیانداوە جۆرێك چینبەندی یان دابەشکردنی جۆرەکانی کولتوور دەستنیشان بکەن. و ئەمەش دەکرێ لە زۆر دیدەوە، یان بەپێی ئەو مەبەستەی دەخوازرێ لێی بکۆلرێتەوە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە: کاتێك باس لە ئابووری و کاریگەریی کولتوور لە سەر ژیانی ئابووری و دامەزراوەکانی بێت دەگوترێت کولتووری کۆمەڵگای بازرگانی یان سەنعەتی و یانیش کشتوکاڵی.

جۆرێکی تری گروپبوندی کولتووری لە دیدی دەروونناسی- کۆمەلایەتی یەوە ئەنجام دەدرێت. وەك ئەوەی کۆمەڵناسی ئەمریکایی داڤید ریزمان. David Riesman لە کتێبی (کۆمەڵی گۆشەگیر) دا کۆمەڵگا کولتوورییەکان بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکات. یەکەم: ئەو کولتوورەی تاکەکانی پشت بە

هێزی غەیبی و خواوەند دەبەستن. دووەم: کولتوورێك کە پێکهاتەی تاکەکانی لەسەر بنەمای سەرچاوەگەل و کۆمەڵە لایەنێکی جیا جیایە. و سێەم: ئەو کۆمەڵگایەی تاکەکانی پشت بە خوونەریتی کۆمەڵایەتی و بۆماوەی پێشینانی دەبەستن.2

بەڵام کۆمەڵناسی ئەمەریکایی رۆت بنەدیکت Ruth Benedict کولتوور بەسەر دووجۆردا دابەش دەکات: یەکەم جۆری فەلسەفی ( ئەو کولتوورەی تاکەکانی ئارام و هاوسەنگ لایەنگری ژیانێکی سوشیالن). دووەم: جۆری پاڵەوانی ( کە تاکەکانی پایە پەرست و سەربەخۆیی خوازو مونافەسەکارن).3

بەڵام ئەوەی بۆ ئەم بابەتەی ئێمە پتر دەستدەدات و بەشێوەیەکی گشتیش زرۆتر لە دیدێکەوە کۆمەڵگا کولتوورییەکان هەڵدەسەنگێنێت، دابەش کردنی کولتووره لەسەر بنەمای کۆمەڵگای نەریتی و کۆمەڵگای مۆدێرن. و یانیش کۆمەڵگای دینامیکی و نادینامیکی.

مەبەست لە کۆمەڵگای دینامیکی، ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەردەوام لە جووڵەو گۆڕان و پێشکەوتن و وەرچەرخان دایە.و لە هەموو ئاستەکاندا، ئەوەی ئەمڕۆ نوێیە سبەینێ کۆنە. ئەمە بۆ: سەنعەت و تەکنیك، هونەر، ئەدەبیات، جلوبەرگ، خواردن، ئایدیولوژیا، ئایین، سیاسەت، فەلسەفە، شێوازی بیرکردنەوە، سەرگەرمیەکان، یاساکان و بەکولتووریشەوە،...هەموو لەگۆڕانی بەردەوامدان و ژیان بە شێوازە گشتیەکەی ڕاوەستان قبوڵ ناکات.و کۆمەڵگای نادینامیکیش بەپێچەوانەوە ئەو کۆمەڵگایەیە کە پەیوەستەی نەریتێکی بۆماوەیەو ئارام و بێ گۆڕانکاری و جووڵەیە. و خووگرتن و ڕاهاتن بەسەر دەق و شێوازو نەریتە کۆنەکاندا زاڵە. لەوێدا تاکەکان ئارەزوو ناکەن ئەو شتانەی پێیان ڕاهاتوون گۆڕانی بەسەردابێت  و تەنانەت ئەگەر ئارەزووش بکەن کاری بۆ ناکرێت، و یانیش میکانیزمی گۆڕینی لە ئارادا نییە.

 کۆمەڵناسان لە ڕووی ئامادەیی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان، کۆمەڵگای دینامیکی بە لایەنگری گەشەسەندن و نادینامیکیش بە ڕێگرو دژی ناودەبەن.

نووسەری ناوداری ئارژەنتینی ماریانا گروندونا لە ئەنجامی توێژینەوەکانی خۆیدا بە بۆچوونێکی سەرنج ڕاکێش دەگات کە لە ڕێگای سیمبولێکی گشتییەوە کە ناوی لێ دەنێ (سیستەمی بایەخی)، دەتوانین کۆمەڵە بابەتێك گروپبەندی بکەین و دووسیستەمی بایەخیان لێ دروست بکەین. یەکێکیان ئەو بایەخانەی لەگەڵ پەرەسەندندان و ئەوی تریشیان دژ. ئیتر کاتێك وڵاتێك یان کۆمەڵگایەك سیستەمی یەکەمیان هەڵبژێرێت، دەبێتە وڵاتێکی مۆدێرن و ئەوەی دووەمیشیان نەریتی و کۆن و دواکەوتوو. دیارە زەحمەتە لە واقیعدا کۆمەڵگایەك هەبێت سەراپا ڕوو بەرەو یەك لەو دوو سیستەمە هەنگاو بنێت بەڵام لەسەرجەمدا ڕەوت و بزووتنی ئەو کۆمەڵگایە ڕووبەکام جەمسەری ئەم هاوکێشەیە بێت ئەوە گرنگەو لە ئاکامدا دیاری دەکات کە شانسی ئەو کۆمەڵگایە ڕوو لەپەرەسەندنە یان بە پێچەوانەوە. ماریانا گرۆندۆنا لەم بۆچوونەیدا جەخت لەسەر بیست فاکتەر دەکاتەوە کە لە دوو کۆمەڵگای دینامیکی و نەریتیدا واتاو چەمکی جیاواز بەخۆوە دەگرن و لەئاکامیشدا دەبنە خاوەنی دوو کاریگەری تەواو جیاواز. 4

هەروا (لاورەنس هریسۆن) یش لە پەرتوکێکی خۆیدا بەناوی: (ئارەزووی هەموو ئەمریکاییەکان) دە بایەخ کە کولتووری داینامیکی لە هی نەریتی جیادەکاتەوە دەخاتە ڕوو.5 و ئێمەش بەسوود وەرگرتن

لەم دوو بۆچوونەو بەسەرنجدان بە تایبەتمەندی کولتووری خۆمان، ئەم جیاوازیانەو کاریگەرییەکانیان لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

## 1- هەڵبژاردن و کۆمەڵایەتیی بوون:

یەکێك لە کاریگەریی و تەنانەت ئەرکەکانی کولتوور . کۆمەڵایەتیکردنی تاکە. چونکە تاك بەبێ کۆمەڵگا بێ کاریگەری و ڕۆڵ و بایەخەو بەواتایەکی تر، لە خەسڵەتی مرۆڤبوون دادەشۆرێت. کۆمەڵگاش بەبێ تاکەکانی هەبوونی نابێت. بۆیە یەکێك لەپەیام و ئەرکەکانی کولتوور ڕکێفکردنی تاکە بۆ ناو کۆمەڵ . هەرتاکێکی دەرەوەی کۆمەڵگا، تاکرەوو خۆپەرست و خولیای چێژو ئارەزووەکانی خۆیەتی و ملکەچی بایەخەکانی کۆمەڵگا نییە.

کاریگەریی کولتووری کۆمەڵگا بۆسەر تاك لەسەردەمی منداڵییەوە بە دوو شێواز دەبێت:

1- گەیاندنی کولتوور لە ڕێگای نێوەندێکی خاوەن دەسەڵات و هێزەوە.

2- لە ڕێگای نێوەندێکی بەرابەرەوە.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە کە منداڵ لەکام یەك لەم دووانەوە فێردەبێت و چی فێردەبێت.؟

پسکولۆژی ناسراوی فەرانسەوی ژان پیاژە، لەئەنجامی توێژینەوەیەکی دوورودرێژەوە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە منداڵ لەبەرانبەر نێوەندی یەکەم، ڕەوشتی تەحەمولکردن، و لەبەرانبەر نێوەندی دووەمیش ڕەوشتی هاوکاریکردن فێردەبێت. 6

ئاستی یەکەم بۆئەمە پێویستە کە تاك لەچوارچێوەی بایەخەکانی کۆمەڵگادا بمێنێتەوە. و مرۆڤێکی گۆشەگیرو دوورەپەرێزی دەرەوەی کۆمەڵگاو یانیش یاخی لێدەرنەچێت و دووەمیشیان بۆ ئەوەی تاك ئەو زانیاریانە بەدەست بخات کە نێوەندی یەکەم نایگەیەنن. ئەمەش بۆ نموونە وەك زانیاریی سێکس.

لە ئاکامدا هەردوو ڕەوشتەکە پێویستن بۆ منداڵ و هەرکام لەمانە لە ڕێگای زۆرەوە لەمنداڵ قەدەغەبکرێن زیان بە پەروەردەو ڕەوتی ژیانی بەگشتی دەگەیەنێت.

لەنێوانی ئەم دوو نێوەندە ناوبراوەدا ئەو ململانێیە لە ئارادایە کە نێوەندی یەکەم دەخوازێ منداڵ و کەسایەتی ئایندەی گوێڕایەڵ بێت و ئەوەی دووەمیش سەرپێچی و یاخیبوونی فێربکات. خۆبەدەستەوەدانی منداڵ بۆ هەریەك لەمانە بەشێوەیەکی ڕەها کەسایەتییەکەی دەشێوێنێت. مرۆڤ دەبێ لە ڕووی هەڵبژاردن و زانایییەوە گوێڕایەڵی ئەو شتانە بێت کە پێویستە گوێڕایەڵیان بێت. بۆ نموونە لەسیستەمێکی دیموکرات و ئازادا تاکەکان دەبێ گوێڕایەڵی یاساو قوتابی گوێڕایەڵی مامۆستاو منداڵ گوێڕایەڵی دایك و باوك بێت... بەڵام گوێڕایەڵیەکی ڕەها کەسایەتی مرۆڤ دەکوژێت و ئەو بوارەی لێ زەوت دەکات کە شتەخراپەکانیش ڕەتکاتەوەو بەگشتی مرۆڤێکی بێدەسەڵات و لاوازی لێدەردەرچێت و لەلایەن دەرەوەی خۆیەوە وەك مەڕ وەپێش خۆدەدرێت و بواری داهێنان و مافی (نا) گوتنی لێ زەوتدەکرێت.

لەکۆمەڵگای نادینامیکی، واتا نەریتیدا پەروەردەکردنی منداڵ لەئەستۆی خانەوادە یاخود دایك و باوکەو ناوەرۆکی کولتوور لە ڕێگای ئەوانەوە بەمنداڵ تەڵقین دەکرێت. و بەشێوەیەکی گشتی هەرکەس ژیان بەوشێوازەی کولتوور بۆی فەراهەم دەکات پەسەند دەکات و دەنا دەبێتە تاکێکی دوورەپەرێزو

تووڕدراوی دەرەوەی کۆمەڵگا. لەبەر ئەمەش کە ژیانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایە بێ جووڵەو گۆڕانکارییە، بچوك و سنوورداریشە. واتا جیهانی مرۆڤی نەریتی لەهەر ڕوویەکی ئەدەبی و هونەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستییەوە بیگری بچوك و سنووردارەو لەدەرەوەی ئەم جیهانە بچووکە باوەڕو پێوابوونی، کەمتر شتی دیکە دەبینێت و هەستپێدەکات. وئەم جیهانە بچووکە دەبێتە بەهەشتی ئەو. هەر بۆیەش کاری مێشك هێندە ئاڵۆزو جەنجاڵ و مەودا فراوان نییە.

بەڵام لەکۆمەڵگای دینامیکیدا گواستنەوەی کولتوور لەبری دایك و باوك لە ئەستۆی دامودەزگاکانی وەك قوتابخانە، یانە، دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکرن و هی ترەو ڕۆڵی خانەوادە دەگاتە ئاستی هەرە نزمی خۆی. و سروشت و خەسڵەتی ئەم کۆمەڵگایە ئەوەیە کە مەودای هزرو بیرکردنەوەو خەیاڵ یەکجار بەرفرەو بێ سنوورە.

## - ماویەتی-


سەرچاوەو پەراوێزەکان:

1-لارنس هریسون- ساموئل هانتینگتون- اهمیت فرهنگ. ترجمە انجمن توسعە مدیریت ایران. موسسە انتشارات امیرکبیر- تهران1383 ل27

2- دکتر منوچهری محسنی- جامعەشناسی عمومی. انتشارات طهوری چاپ هجدهم تهران-1382 ل206-207.

3- هەمان سەرچاوە. هەمان لاپەڕە.

4- لارنس هریسون- ساموئل هانتینگتون. سەرچاوەی پێشوو. ل123

5- هەمان سەرچاوە ل499

6- دکتر محمد حسین فرجاد- اصول و مبانی جامعە شناسی انتشارات اساطیر. تهران- 1372 ل69-72.